وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ئاشکرای کرد چوار هێرش هێزەکانی ئەمریکا کردە ئامانج

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ئاشکرای کرد کە لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا چوار هێرش هێزەکانی ئەمریکایان لە عێراق و سوریا کردە ئامانج و سێ سەربازی ئەمریکای بریندار کردووە.

جێگری وتەبێژی پێنتاگۆن، سەبرینا سینگ وتی: 56 سەرباز لە 46 هێرشدا لە عێراق و سوریا لە 17ـی مانگی 10ـەوە بریندار بوون، وتیشی کە ئەمریکا ڕووشوێنی زیاتر دەگرێتەبەر بە پاراستنی ئەمریکاییەکان لە کات و شوێنی خۆیدا ئەگەر هێرشکان دژی هێزەکانی بەردەوام بن.

ئاماژەی بەوەشکردووە، هێرشکەی ئەمریکا بە سەر ڕێژەهێڵاتی سوریا سەرکەوتوو بووە لە تەکشکاندنی بارەگای چەک و تەقەمەنی و هێرشکەی بە "زەر ورد" وەسف کردووە، بە ئاماژەدان لە بە ئامانجکردنی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران.